# سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی،بە کۆمەڵێ بڕیاری گرنگەوە لە کۆبونەوەی خۆی هاتەدەرەوە.

ڕۆژی 2007/10/7 بە ئامادەبوونی ئەندامان و چەن میوانێک سکرتاریەتی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی/سویسرا، لە شاری بێرن سێهەمین کۆبونەوەی بەست .باسەکانی کۆبونەوەکە بریتیبوو لە ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆیی سکرتاریەت و پۆست و کاردابەشکردن ،وە باسی دوەمیش بەرێخستنی کەمپینێک دژی بڕیاری تازەی دوەڵەتی سویسرا، وە لە کۆتایشدا دانی ڕاپۆرتێکی کورت لە سەر کاری هەفتەی پێشووتر، لە بەشی یەکەمی کۆبونەوەکە ئەرک و پرۆژە وکاروباری هەر یەک لە پۆستی رێکخستن و مالیە و پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن ڕۆشنکرایەوەو لیژنە و بەرپرسی بۆ دەسنیشانکرا و نەخشە کاری داهاتوو بڕیاری لە سەردرا، بەشی دوهەمی کۆبونەوەکەش وردەکاری بەرێخستنی کەمپینەکە بوو کە لە زووترین کاتدا هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێ و بە هەموو توانای فیدراسیۆنەوە هەوڵبدرێ ڕێگە لە کارەساتێک بگیرێ کە دەوڵەتی سویسرا سەرەتاکەی دەسپێکردوە، دواتر هەر یەک لە (جەمال کۆشش و ئەحمەد عەلی ) بە کورتی باسیان لەو کۆبونەوەو سەردان و چاوپێکەوتنانە کرد کە فیدراسیۆن لە هەفتەی ڕابردودا لە گەڵ لایەن وڕێکخراوە سویسری و بیانیەکان ئەنجامیدابوو. دوا بەشی کۆبونەوەکەش پەسەندکردنی کۆمەڵێ بڕیاربوو سەبارەت بە:

1. ڕێکخستن ...

**ا** . کۆبوونەوە لە گەڵ پەنابەران لە هەموو ئەو شار و کانتۆنانەی کە ئێمە توانای گرتنی کۆبونەوەمان تیادا هەیە ،وە سەردانی کەمپەکان و قسە کردن لە گەڵ پەنابەرانی کورد لە نزیکەوە.

**ب** . بۆ ئەوەی پەنابەران لەم پەرشو بڵاوی و بێهێزیە ڕزگاریان بێت، فۆرمی ئەندامێتی لە فیدراسیۆندا لە گەڵ پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ بۆ هەموو شارەکان بنێردرێ و بڵاو بکرێتەوە ،وە داوا بکرێ لە ڕیزەکانی فیدراسیۆندا پەنابەران خۆیان ڕێکخراو بکەن.

**ت** . فیدراسیۆن پارێزەری هەبێ بۆ بەرگریکردن لەو کەسانەی کە پێویستیان بە پارێزەرە .

**ث** . دروستکردنی ناسنامە بۆ هەموو ئەندامانی فیدراسیۆن.

**ج** . هەوڵبدری لە هەردوو شاری زوریخ و بێرن بنکەی فیدراسیۆن بکرێتەوە.

2. مالی ...

ا. دەبێ پسولە بدرێ بە هەر کەسێک کە کۆمەک بە فیدراسیۆن دەکا و ناو و بڕی کۆمەکەکەش بڵاوبکرێتەوە.

3 . پەیوەندیەکان ...

ا . لە ئاستی سەراسەریدا پەیوەندی بە یو ئین ئێچ سی ئاڕ و بە زۆرترین لایەن و ڕێکخراوە سویسری و بیانیەکانەوە بکرێ ونامەی ئیمزایان بۆ بنێردرێ و داوای هاوپشتی و پشتیوانیان لێبکرێ.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی /سویسرا
2007/10/9